# کێ لە پڕۆسەی دروستکردنی ترس لە ئیسلام بەرپرسیارە؟

ئیبراهیم مەلازادە
bmalazada@gmail.com

ئەمڕۆ 18ی فێبریوەری دوو بابەت لە میدیادا سەرنجیان ڕاکێشام بۆیە بە باشم زانی شتێکی کورتیان لەسەر بنوسم.

سەرەتا لە دەنگی سەربەخۆ هەواڵێک بلاوکرایەوە کە ئەویش لە ماڵپەڕی (cair.com)(1) وەرگیراوە بەناوی بە پیرەوەچوونێکی گەورە بۆ ناسینی ژیانی پێغەمبەر. هەر ئەمڕۆش ڕۆژنامەی (Dagblad)(2) ی هۆڵەندی بابەتێکی بلاوکردەوە بە ناوی (ئایا تۆ لە ئیسلام دەترسی؟) کە ئەمەشیان ڕاپرسیەک بووە لە یەکێک لە شارە گەورەکانی هۆڵەندا لەسەر پرسی ئەمڕۆی مسوڵمانانان.

بابەتی یەکەم قسە لەسەر ئەوە دەکات کە (کۆڕی پەیوەندیەکانی ئیسلامی ئەمریکی ڕایگەیاندووە کە لە 48 سەعاتی یەکەم 1600 کەس لە ئەمەریکا و کەنەدا داوای سیدی (موحەممەد بناسە) یان کردووە و پێشبینیش دەکرێ کە خەڵکێکی زۆریش لە داهاتوودا داوا بکەن. بۆ زیاتر زانیاری دەتوانرێ بگەڕێنەوە بۆ لینکی بابەتەکە.

هەروەها لە ڕاپرسیەکەشدا کە پرسیار لە 750 کەس کراوە، 44% زیاتر لە پێشان لە ئیسلام دەترسن، لەبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام لە دژی ڕۆژئاوا. لە نێوان ترساوانیشدا ڕێژەی ژنان زۆرترە لە هی پیاوان. هەروەها دەڵێ زۆرینە وای دەبینن کە ئیسلام دینێکە دژی ئافرەتانەو ئاشتی نازانێ و توندڕەوە. نیوەشیان وای دەبینن کە ئیسلام و دیموکراسیەت لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، 40% وای دەبینن کە ئیسلام دینی توندوتیژیە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ خەڵکی بە دوای ناسینی پێغەمبەردا دەگەڕێن؟ کێ ڕۆڵی پەخش کردنی ترس لە ئیسلام دەبینێ؟

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم، کە داواکردنی سیدی بۆ ناسینی پێغەمبەر مەرج نیە دەرەنجامێکی پۆزەتیف بێ یا ئەو خەڵکە دەبنە مسوڵمان، یا ترسیان لە دڵدا نیە، کە بەداخەوە مسوڵمانەکان هەمیشە بەو جۆرە کامپانیانە دڵی خۆیان خۆش دەکەن و بە مسوڵمانبوونی هەندێ کەسی کە لەوانەیە زۆریان ئۆپۆرتۆنیست بن، زەرەوزیانەکان لە بیرخۆیان دەبەنەوە، ئەگەر چی لە دوو وڵاتی گەورەی وەکو ئەمەریکا و کەنەدا 1600 داواکاری ژمارەیەک نیە قسەی لێوە بکرێ، کە لەوانەشە زۆربەیان هەر مسوڵمان بن داوایان کردبێ. بۆیە گرنگە ئەوە بزانین داخۆ پەخشکردنی ئەو ترسە لە بەرژەوەندی کێدایە؟ لە بەرژەوەندی ئیسلام یا دژە ئیسلامەکان؟

پێم وایە میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پەخشکردنی ترس لە ئیسلام، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی و گەورەتر مسوڵمانەکان خۆیان ئەو ڕۆڵە دەبینن و دەرفەتێکی ئەوتۆ دروست ناکەن بۆ نامسوڵمانەکان بۆ ئارامبوونەوەو ناسینی ئیسلام.

پیتەر مۆریس (**Peter Muris**) مامۆستای دەروونناسی خوێندنگای (**Erasmus**) ی باڵای ڕۆتردام لە ڕاگەیاندنێکیدا لە هەمان ڕۆژنامەدا دەڵێ: "زۆر باشە کە بەو ڕاپرسیە ڕوونبووەوە کە خەڵکی لە دوای هێرشی نیویۆرک، مەدرید و لۆندەندا زۆر سەرقاڵن بە پرسی تەرۆر و ئیسلام، لە ترسیشدا ژیاون و دەژیێن. لەسەر تەلەفیزیۆنەکان دەبینین کە مسوڵمانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لە ئەمستەردام و ڕۆتردامیش لەسەر شەقامەکان دەڕۆن و دروشم لە دژی ڕۆژئاوا بەرز دەکەنەوە، ئەمەش بانگەوازێکی ڕاستەخۆیە بۆ پەخشکردنی ترس. هەروەها دەڵێ: ئەو مسوڵمانانەی ناچنە سەر شەقام و لە ماڵەوە دەمێننەوە لەسەر تەلەفیزیۆنەکان نایانبینین. لەمەشدا میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، ڕۆڵێک کە دراوسێ هاننادات بۆ ئەوەی یارمەتی دراوسێی بدات بەڵکو هانیان دەدات تا دراوسێکەی بئەنگوێنێ".

لێرەدا کە ئەو نموونە بەو مسوڵمانانە دێنێتەوە وای پیشان دەدا کە مسوڵمانان ڕۆڵی یەکەم دەبینن لە بڵاوکردنەوەی ترس و بیم لە ناو خەڵکی ئینجا میدیا، گووناهی میدیا ئەوەیە کە تەنها ئەو مسوڵمانانە پیشان دەدات کە لەسەر شەقامەکانن، کەچی زۆرینە بەشدار نیە لەو ڕێپێوان و پەخشکردنەی ترس بەڵام میدیا باس لەوانە ناکات. ئەوەی شایانی باسیشە هەندێ مسوڵمان لە ئەمستەردام لە ڕێپێوانێکی تەواو نائارامدا قلیوبلیێکی زۆریان نایەوە بە بەرد و شوشە هاوێشتن و تێکدان و شکاندن.

بۆیە وای دەبینم ئەو گیروگرفت و شکان و تێکدان و خوێنڕژانەی کە لە دەرەنجامی ڕێپێوانەکان دروست دەبن ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ناشیرینکردنی ئیسلام لە دیدی ڕۆژئاواییەکان. ئەوان دەپرسن: تۆ بڵێی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی کاریکاتۆری لە ڕوحی ئینسانێک گرنگتر بێ؟ تا ئەمرۆ دەیان کەس لە دەرەنجامی ڕێپێوانەکان کوژراون، کێ بەرپرسە لە ڕژانی خوێنی ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە؟ مەگەر ئەو دەزگا و کەسایەتیە دینی و حکومیانە نین کە نان بەو ئاژاوەیە دەخۆن، چ جای وڵاتێکی تۆتالیتێری وەکو سووریا و ئیران کە بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ دونیا بەو پرسە خەریک بێ بۆ ئەوەی تاوان و زوڵمی ئەوانیش لە دژی گەلەکانیان لە بیربکرێ و بۆ ماوەیەکیش تەمەنیان درێژتر بێتەوە.

پێم وایە ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات قوڵبوونەوەیەکی ئاشکرایە لە ناعەقڵانیەت و لە دروستکردنی نائارامی بۆ بەرژەوەندی هەندێک لە ڕێکخراوو حکومەتە تۆتالیتێرەکان، بۆ ئەوەی شەوی مسوڵمانان درێژتر و بەرژەوەندیەکانیشیان بەردەوامتر بن. بەداخەوە وا پێدەچێ هەندێ ناوەندی بەرژەوەندیدار لەو ئاژاوانە توانیبێتیان ڕەوەندی ئیسلامی ئەوروپاش بخاتە سەر شەقام و نائارامی و ئاژاوە بنێنەوە. دیارە زمانی یەکەمی مسوڵمانان لە دونیادا ئاژاوە نانەوەیە بۆ تەعبیرکردن لە نارەزاییەکانیان، ئەم جۆرە ڕەفتارەش تەعبیرە لە وێرانی عەقلیەت و پاشۆڵبەتاڵی ئەوانەی کە درێژە بە پرۆسەی دروستکردنی ترس دەدەن لە دونیادا.



Foto CATHAL MCNAUGHTON/PA) وێنەی ڕۆژنامەی داخبلاد

http://www.kurdistanan.com/babet2/soran-ehmed-02-18.htm (1)
http://www.ad.nl/binnenland/article161563.ece(2)

❊ لە ژمارە 229 ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە.